# فرمێسکێک بۆ بارزان و دوو فرمێسکیش بۆ گەرمیان

ئارام رەفعەت
ئوستراليا

رەنگە زۆربەمان لەسەر ئەمە هاورا بین کە خوێن هەر خوێنە، گرنگ نیە لە کام پەنجەی دەست هەڵ دەڕژێت، گرنگ ئەوەیە کە لە دڵەوە هەڵدەقوڵێت و لە جەستە جیا دەبێتە وە ، جا ئەو خوێنە لە توتە بێت یان لە برای توتە. بە داخەوە ئەو خوێنەی کە بەناهەق لە ئەنفالە بەدناوەکاندا لە جەستەی خەلکی کوردستان رژێنرا، سەرچاوەکەی لە دڵە گەورەکەی دایە نیشتیمان گرتووە و سوێکەی لە ناخی سەدان هەزار لە خۆشەویست بەخت کردودا بەجێماوە و ئازارەکانیشی لە سەر ڕوخساری هەزارانی کۆست کەوتوو، بەدبەختییەکانیشی لەسەر ڕەونەقی سفرە و بەشمەینەتیەکاینشی لە حەز و تاسەی بۆ یەک جار دیداری ئازیزان و ساردی هەناسەشی لەسەر ڕوخساری ڕەنگ بواردووی باوکان و بێ ئومێدیشی لە خەونە نەزۆکەکانی شەوانی جەژنی کۆرپەلەی پاش باوکاندا ڕەنگی ڕشتووە. هەمووشی بەیەکەوە ناسنامەی نەتەوەیەکی بێ ناسنامە و بێ دۆست و پەنا تان و پۆ دەکات.

کێ دەزانێ کە ئەو دەمەی تاک تاک پەپولەی گیانی سەدان هەزار مرۆڤ هەلدەوەرا، چەندان ڕاز و نیاز، چەندان ئاوات و هیوا و چەندان خەون و ئارەزوو، بەدەم ئاە و نالەی بێکەسی و بێدەسەڵاتی و هەستی مەغدوربووندا لەناو تۆز و گەردەلوولی بیابانی سەرسەخت و بێ ڕەنگ و بێ گیان و بێ سۆزدا دەبوون بە سەراب؟. کێ دەزانێت کە لە دوا ساتدا دوا ئاواتی چەندان لەو فریشتانە تەنها هەر ئەوەندە بووە کە گۆڕەکەیان لە دامێنی دەشتی کاکی بە کاکی گەرمیان بێت،یان نزیک هەوارگەی جاف و گۆران بێت،یا لە تەنیشت کانیاوێکی قەراغ،خۆشناوەتی، یان بادینان بێت، یان لە قەدپاڵی لوتکە چیای شیرینی بارزان بێت؟ کێ دەزانێت چەندانیان لەدوا ئاوزنگدا هەودای سەردولکەو بالۆرەی ئازیزانیان بوون، یان تاسەی دوا باوەشی پڕ لە سۆزی دەزگیران، یان تینووی فرمێسکێکی گەرمی دایک و خوشکانیان بوون؟ ئاخۆ چەندانیان ڕویان لە قیبلەی دایکی نیشتیمان کردووە و دوا نیگایان بۆ ئەو کەلە بووە کە هەناسەیەک لە هەوارانەوە دێنێت؟.

ئەوان کە وەک پەڕەی گوڵ ، لەگەڵ وەیشومەی خەزانی ئافاتەکاندا هەڵوەرین، گوناهەکانیان تاوانمانە، خەتاکانیان تۆمەتمانە، برینەکانیان ئازارمانە و

خەونەکانیان دوارۆژمانە. ئەوان پێشباری کۆچێک بوون، کە دەبوایە بەڕێ بکەوێ، ئەوان پەیکی پەیامێک بوون بۆ نەسرەوتن و سەرکەوتن، دەبوایە هەر بگاتە جێ. ئەوان بڵێسەی گڕێک بوون بۆ ئازادی و نەورۆز کردن. ئەوان یادگاری نەتەوەیەکن، دەبێت لە ویژدانماندا بیان پارێزین. ئەوان ناسنامەی نیشتیمانێکن دەبێت بۆ سەفەری دوارۆژمان لە سەر دڵمان هەڵیان گرین، ئەلف و بێی زمانێکن دەبێت سەرتاپایان ئەزبەر بکەین. چڵ بە چڵی ئێسقانەکانیان دوڕ و مروارین دەبێت لە گەردنی مێژومانیان بئاڵێنین. ڕانک و چۆغە و کۆت و شاڵوار و جامانە و مشکی و پشتبێن و فەقیانەکانیان سیما و سیمبۆلی نەتەوەیین و دەبێت باڵای کوردستانی پێ برازێنینەوە. ئەوان دوێنێی باوکانمان و ئەمڕۆی ئێمە و سبەی کۆرپەکانمانن دەبێت تێکەڵ بە رۆحیانەتمان بن. خوێنیان خوڕە و هاژەی کانیاو و ڕوبارەکانمانن، بەردەوامی ئەدەن بەژیانی وڵاتێک، دەبێت ئەو سەرچاوانە بپارێزین.

ئەوان لە بیابانەکاندا هەر بەتەنها گیانیان نا، جەستەیان نا، ئارەزوەکانیان نا، خەونەکانیان نا، بەڵکوو بەها ئینسانی و کەسایەتی و ڕێزیشیان لە خاچ درا. پێ دانەوەو بەرجەستە کردنەوەی ئەم بەهایانەیان شاد کردنەوەی ڕۆحیانەتیان و لە خاچ کردنەوەی جەستەیان و بەدی هاتنی ئارەزووەکانیان و بەواقیع کردنی خەونەکانیانە. ئەمەش ئەمڕۆ تەنها بە دۆزینەوی مەرقەدە پڕ لە نوورەکانیان ،بە کرنۆش بردن بۆ پیرۆزی و بێ تاوانیان، بە هێنانەوەیان بۆ کۆنە هەوارانیان و بە پیرۆز ڕاگرتنی مەزارەکانیان دەکرێت.

بێ هەڵاواردن، دۆزینەوەی تەرمە پیرۆزەکانیان یەکەم ئەرکی تاک بە تاکی دانیشتوانی ئەم وڵاتەیە. ئەوان موڵکی هەمومانن،ئەوان ڕەنگی زەرد و کەسک و سوور و سپی ئاڵاکەمانن، ئەوان لە یەک کاتدا شانازی و کۆستی سەرتاپای کوردستانن. بێ جیاوازی ڕۆحیانەتی هەرکامێکیان باڵی فریشتەیەکن سروشی گاتایەکی پاک و بێ گەرد و بێ گوناهی گەلێکی ژێر دەستەیان هەڵگرتووە. بازدان بەسەر لاشەی یەکێکیاندا و بەهەند هەڵگرتنی ئەوی تریان پڕ خەوش کردنی سروش و پەیامەکانیانە، سەر لەنوێ هێنانەوە سوێی ئازارەکانیانە، ماندووتر کردنی سیماو لاشەی شەکەتیانە، بە ناهەق پۆلێن کردنی ئاه و ناڵەو مەغدووریەتی وەک یەکیانە، بە ئانقەست دابەش کردنی ڕەنگی سووری خوێنیانە. خەتایەکەو نابێت لە ئاستیا چاو بنووقێنین، یان لەتەکیا پاساو درووست بکەین.

ئەو ساتانەی ئەنفالەکان کۆمەڵ کۆمەڵ دەرخواردی گۆڕە تاریکەکان دەکران، ئەو سەردەمە شمشێری جەلاد بەڕاست و چەپدا سەری دەپەڕاند، بێ ئەوەی تەماشای شکڵ و

ڕەنگی جامانە ی سەران  بکەن، یان ئیستێک لەسەر شێوە و مۆدەی ڕانک و چۆغە و موورادخانیەکان بکەن، یان بیر لە خوێنبەندی خێڵ و ئێل بکەنەوە . لای ئەوان فەیلی، بارزانی، گەرمیانی، قەراغی، ئێزیدی، بادینی، هەمویان وەک یەک بوون. هەموان یەک ناسنامەی تاوانیان هەبوو، ئەویش گوناهی خوداوەندانەی کوردبوون بوو. بۆ ئەنفالچیان گرنگ بنبڕ کردن و قەلاچۆ کردنی ئەوتاوانە بوو.

کەسی ئەوان تەنها ئەو دایکە جەرگ بڕاوە نەدارانەی گەرمیان نین، هاوسۆزی ئەوان تەنها ئەو بێوەژنە کۆست کەوت و قۆناغ شێواوانەی بارزان و قەراغ و بادینان نین، میراتگری ئەوان تەنیا کیژ و کورە بێ نازی باوک گەورە بووی گۆپتەپە و دۆڵی جافایەتی  و بالیسان نین. ئەوان موڵکی میللەتێکن، بەهەند نەگرتنی هەر تاکێکیان لەژێر هەر بیانوویەکدا بێت بێ ڕێز کردنی سەرتاپای موقەدەساتی ئەو گەلەیە، قوڵتر کردنی ئازار و خەمەکانییەتی.

ئەوسای شەوگاری ئەنفال، نەک هەر ویژدانی ئەنفالچیەکان، بەڵکو زۆرینەی کۆمەڵگای مرۆڤایەتی لەخەوێکی قووڵ دابوو، یان بە پێکی بەرژەوەندیە تایبەتیەکان و هاوکێشە جیهانییەکان سڕ بووبوو .ئەوسا ئێمە بێجگە لە چیاکان و جیا لە گەردەلوولی پێشمەرگە ئومێدێکمان نەبوو. ئەوسای ئەنگوستە چاوی ئەنفال، کە نێرگزە جاڕەکانمان، کە مێرگی هەڵاڵەو بەیبونمان، کە چەپکە وەنەوشەکانمان بەکۆمەڵ لە ناو قرچەڵانی بیابانی بێ سۆز و بەزەییدا سیس دەبوون و هەڵدەوەرین، ئەودەمەی کە بەژنی شۆڕەسوارانمان یەک یەک بە شمشێری سەحرا نشینەکاندا لەت لەت دەکران، لەو دوونیا جەنجاڵەدا ،گوێیەک نەبوو ئاهێکمان ببیستێت، ئاسمانێک نەبوو نزا و پاڕانەوەیەکمان قەبوڵ بکات، پێنوسێک نەبوو هێڵێکی درشتی ڕەش لەتەوێڵی پڕ لە لە تاوانی ئەنفالچیان بنەخشێنێ. ئەوسا نەکەس دۆستمان و نە کەس خاوەنمان بوو، وە نە خۆشمان خاوەنی خۆمان بووین.

کەچی لە  ئێستای ڕۆژگاری ئازادیدا، لە ئێستای سەردەمی ئاڵا و پەرلەمان و حکومەتی خۆماڵی دا، ئازیزانمان هێشتا لە بیابانەکان تیلەی چاوی مەنگیان لە ڕێگایە، دڵە کوتەی دیداری یارانیانە، پشتیان لە دۆزەخە بیابان و ڕویان لە قیبلە بەهەشتی چیا و و دەشتی پاراوی کۆنە واریانە. هێشتا تاسە و خولیای بیستنی ئای ئایەکی گەرمیان و هۆرەیەکی جافایەتی و حەیرانێکی دەشتی هەولێر و لاوکێکی بادینان و ئەوەڵ سەحەرەیەکی مامە سێوە و مەقامێکی موحەمەد عارف جەزیرین. بەڵام هەیهات، هێشتا بە بێ نازی لە غوربەتستاندا بە چاو بەستراوی و بە کەلەپچە کراوی، بەڵام بە بێ پاسەوانی و بێ کەسی دڵی یەکتر دەدەنەوە، ورەی یەکتر بەرز دەکەنەوە و سەبوری بە

یەکتر دەدەن، سەرەنجام ئێمەش بۆ جاری دووەم بە بەهانا نەچونیانەوە بەدەستی خۆمان ئەنفالیان دەکەینەوە.

دوای  زیاتر لە دوو دەیەی مەرگی مەسیحانەیان، هێنانەوەی ڕوفاتی ئینجیلانەی بارزانیەکان بۆ ژوانی کۆنە  یارانیان، نەک هەر ئۆقرەیەکە بۆ ڕۆحیانەتی هەمیشە زیندووی ئەوان، بەڵکوو ئاهێکیش بوو کرایەوە بەر هەموو ویژدان زیندووانی ئەم وڵاتە. کێ دەیتوانی کە فرمێسکی ناخۆشی بە ناهەق و بەغەدر گیان و جەستە لەیەک جیاکردنەوەی دوێنێیان، تێکەڵ بە فرمێسکی  خۆشی دیتنی ئەودیمەنانەی ئەمڕۆ نەبێت کە لەو پێشوازییە فەرمی و شاهانەیەی کە هەر یەک لە سەرۆک کۆمار و سەرۆکی هەرێم لەو ئازیزە بەهەشتیانەیان کرد. ئەمە هێشتا ئەمەک نواندنێکی کەمە بەرامبەر بە کۆستێکی بێ هاوتا، درەنگ وەخت بەجێ هێنانی ئەرکێکە کە دەبوایە زۆر دەمێک بوو بکرایە. ڕێز و بەها بەخشینەوەیە بەو ڕێزدارانەی کە لە لایەن ڕژێمێکی داشۆراو لە هەر چەشنە بەهاو ڕێزی ئینسانی، زۆر بێ ویژدانانە هەڵس و کەوتی نا مرۆڤانە و دڵ ڕەقانەیان دەرهەق نوێندراوە.

بەڵام ئەمە هەمووی ناکاتە ئەوەی کە لەپاڵ ڕۆندکێکی بێ جیاوازی بۆ هەموو ئەنفالکراوان،  هەنسکێکی تایبەت بۆبێکەسی ئەو ئەنفال کراوانە نەڕێژم کە بەسەر گۆڕەکانیاندا بازمان داوە.  ئەوانەی کە نەک لە بیابانە دوورە دەستەکاندا،تا بیانوویەک بدۆزرێتەوە، بەڵکو لە پاڵ دەستی خۆماندا و لە کەرکووک و موسڵ و خانەقیندا، تەنانەت لە قەراغ شارەکانی هەولێر و سلێمانی و دهۆکدا، لەماوەی چەند ساڵی ڕابردوودا گۆڕی دەیان هەزاریان دۆزراوەتەوە. ئایا جێی داخ نییە کە دۆزینەوەی گۆڕی ئەوان تەنها کراوەتە سەردێڕی هەواڵێکی لاوەکی یەک ڕۆژی ڕۆژنامەیەک و دواتریش لەبیر کراوە و هیچی ترنا؟ ئایا چەندان وەزیرتان لە سەر گۆڕە بەکۆمەڵەکانی ئەو ئازیزە بێ کەسانەدا بینی؟ ئایا چەندان مەراسیمی پێشوازی شاهانە لە لایەن سەرۆک کۆمار و سەرۆکی هەرێم بۆ ئەوانەش کراوە؟ بۆچی ئەوانیش لە ناو ئاپۆرەی حیزبی و حکومی لە مەراسیمی شایستەدا و لە ناو باوەش و سۆزی ئازیزانیان و سەرجەم خەڵکی کوردستاندا بەرێزو خۆشەویستیەوە بەڕێ نەکران بۆ باوەشی نیشتیمان؟.

ئەوانە هەمویان وەک یەک مەغدورن، وەک یەک ئازیزن، وەک یەک گیانیان بەخشیووە و وەک یەک خۆشەویستانیان بەجێ هێشتووە و ئێمەش هەموومان میراتگری سەروەری و ئیعتیبارەکانیانین. بێ هیچ ناسنامەیەک هەموومان بەرپرسین لە ئاست پێ بەخشینەوەی ئەو مەقامە بەرزەییەی، کە هەموویان بەیەکسانی شایستەن پێی. دڵنیام کە گەلی کورد و نیشتیمانی دایک بەیەک چاو تەماشای هەموو

جگەرگۆشەکانی خۆی دەکات،مێژوو لە هەر جیاوازی کردنێک لە نێوان ئەم قوربانیانەدا، لە لایەن هەرکەسێکەوە بێت نابوورێت. لەم جیاوازی کردن و هەڵاواردنەشدا تەنها لایەنێک، یان سەرکردەیەک بەرپرس نییە، ئۆباڵەکەی لە ئەستۆی هەموو لایەک دایە.